

# 사랑해요

# سارانگهێۆ

ئارام یاسین

# سارانگهییۆ

ئارام یاسین

٢٠١٠

ناوی کتێب: سارانگهێیۆ

بابەت: شیعر

نووسەر: ئارام یاسین

دەرهێنانی هونەری و بەرگ: ئارام یاسین

هەڵەچن:

تایپ:

چاپخانە: ..............................

چاپی یەکەم—

لەکتێبخانەی ....... ژمارەی سپاردنی(    ) ساڵی(      ) دراوەتی

**پێشکەشە بە:**

# تۆ

# ووتەیەك:

شیعر هەمیشە خۆشەویستی و ئارامی پێ بەخشیووم, ئەوە وەڵامە بۆ ئەو بەڕیزانەی کە لێم دەپرسن کە ئاخۆ شیعر چی لەمن سەندووە. شیعر لە نائومێدیا باڵی سۆز و میهرم بۆ ڕادەخات, لە کاتی تەنیایا هاوڕێی ڕێگەمە, لەکاتی کەوتن گۆچانی دەستمە, بۆیە من هەرگیز کێشەیەکم لەگەڵ شیعر نیە, لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە ساتە بەتاڵەکانم نەبێ, هیچ ساتێکیشم نە بۆ خوێندنەوە و نە بۆ نووسینی شیعر دانەناوە, بە واتای ئەوە من هیچ شتێکم بە شیعر نەبەخشیوە.بەڵام کێشەی سەرەکی من لەگەڵ هەندێك لە خوێنەرانە, من ووتم هەندێ لە خوێنەران نەوەك خوێنەرانی شیعر!, ئەو خوێنەرانەی کە لە مەبەستەکانی شیعر تێناگەن و رەخنەی نا لۆجیکیم ئاراستە دەکەن. ئەو جۆرە رەخنانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە نامیلکەی "سەمفۆنیای مردن" ئاراستەم دەکرا, بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە بە بۆچوونی ئەوان هیندە پرس هەیە بڤەیە و قابیلی باسکردن نیە. من ووتومە, من ئازادم لە بیر کردنەوە, ئازادم لەوەی چ دەنووسم, وە تارادەییەك ئەو ئازادی بیرکردنەوەم لە شیعرەکانم ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام بە هیچ شێوەیەك نامەوێت بیروڕای خۆم بەسەر کەسانیتریش بچەسپێنم. من شیعر تەنیا بۆ یەك کەس دەنووسم, دەتووانم بڵێم ئەو کەسەش خۆمم. جا خوێنەرش ئازادە لەوەی چ جۆرە شیعریك دەخوێنێتەوە, وە منیش پێم خۆشە ئەو خوێنەرەی کە حەز لە شیعر ناکا یان لە مەبەستەکانی شیعر ناگا, با ئەم نامیلکەیە و ئەوانیتریش نەخوێنێتەوە.

ئارام یاسین ٩-١٠-٢٠٠٩ میلانۆ \ ئیتالیا

# نهێنی

دەپێم بڵێ

تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە ؟

کەشتی خەیاڵی ئاڵۆزت

لە نێو چ زەریایەك دا

نوقوم بووە !

تۆ وانیت و تۆ گۆڕاوی

لە شوێن نیگای سحراویتا

خەمێکی قوڵ

هاتووە و بەرۆکی گرتووی

من نازانم!!

من تێناگەم

کێ هاتووە ؟

کارمامزی ئارامی تۆی

ڕاوکردووە و ئۆقرە ناگری
تاکو دەهێت خەمەکانت
قوڵتردەبن
دەوەرە لام
بێجگە لە من کێ شك دەبەی
بوخچەی ڕازەکانی دڵت
بۆی هەڵڕژیت
تۆ دڵنیات
من گشت نهێنیەکانت
دەپارێزم
با هەرچەندە گەورۆنەش بێت
لێ ناگەڕێم کەس بیزانێ و
قووتیان دەدەم

١٧-١٠-٢٠٠٦ بوسان \ کۆریای باشوور

# نیگەران

من لە مەرگی خۆم ناترسێم
با زەمینیش سەراوبن بێ
ئەستێرەکان
دەنکە هەناری ڕژاوی
ژێر پێ ی تەڕاتێنی گا بێت
بەڵام من دەترسم کە تۆ
بەمەیانە بزانیت و
نیگەرابی

١٨-١٠-٢٠٠٦ بوسان \ کۆریای باشوور

# مۆم

من سەرنجی
هەنگاوەکانی خۆم داوە
لەم ڕێگایە
زۆرم بڕیوە
زۆرم ماوە
خۆم داشۆڕم لە گوناحان
تاکو ببم بەو دەروێشەی
بتووێمەوە
لە ئەلقەی زکری خەڵوەتگای
پڕ لە نوور و جوانی تۆ

٢٠-١٠-٢٠٠٦ بوسان \ کۆریای باشوور

## وەرزی سەوز

ئێوارەیە
ئەم دووریە واخەریکە
دڵ و ڕوحم دەسووتێنێ
درەختەکانی ڕێرەوەی شەقامەکان
گەڵاکانیان بە حەسرەتی
ڕەنگە سەوزەکەی خۆیانن
مێرگەکانیش
بۆ چۆڕێ ئاو لە سەمادان
دەسا گیانە
ئەم دووریە بە نەفرەت کە
بگەڕێوە
وەرزی سەوز
هەم بۆ من و  هەم بۆ سروشت
بهێنەوە

٢٠\٢١-١٠-٢٠٠٦   بوسان \ کۆریای باشوور

# خۆشەویستم

خۆشەویستم
بڕوا دەکەی ئێستانێکە؟
تۆم خۆشناوێ !
باڵندەکی کۆچەریمە
دوور لە کیشوەری نازی تۆ
سەربەست دەژیم
من کێم هەیە؟!!
کێ دەناسم؟!!
دەپێم بڵێ
گەر من گیانە
لە سەدەکانی فرە خواوەندی ژیابام
بێجگە لە تۆ
کێم شك دەبرد
بیکەم بە خواوەندی جوانی
تایبەت بە خۆم

٢٢-١٠-٢٠٠٦ ئینچۆن \ کۆریای باشوور

## دوا نامە

ئەمشەو خەونم بە تۆ بینی

لە خەوما

وەکو ئێستا

تۆ شاجوانی شاجوانان بووی

هاتمە لات

کوێت لێ نەبوو؟!!

بە ئەسپایی کە پێم ووتی

خۆ

شم

دە

وێت

٢٢\٢٣-١٠-٢٠٠٦ ئینچۆن \ کۆریای باشوور

# دووریت بۆ چی؟!

دووریت بۆ چی؟!
زویریت تاکەی؟!
بۆ نازانی؟!
بیَ تۆ ناژیم
ڕوح و چەستەم
هەست و سۆزم
بۆ نابینی؟
بوون بە گڕکان
منیان سووتاند
هەر چەند دوور بیت
لە هەر کویَ بیت
منت خۆش بوویَت یاخود نا
جگە لە تۆ کەسیَ نیە
خۆشم بوویَت
جا تۆ پیَتخۆش بیت یاخود نا

کۆڕیای باشوور \ سیئۆل ٢٠٠٧-٢-٨

# دڵم هەر تۆی

دڵم هەر تۆی
ڕوحم هەر تۆی
هەست و سۆزم تەنیا هەر تۆی
تۆ روناهی گشت گەردوونی
گەردوون لە تۆ
نازو جوانی لێ باریوە
تۆ ئەستێرە گەشەی منی
فێری عشق و
ڕۆمانسیەت و
دەست لە ملان و ماچت کردم
لە یادمە
لە یادتە کە هاتیە لام؟
تەوقی نازو شەرمت شکاند
دوای چەندین ڕازو نیاز

ئاوێتەبووین وەك ئاو و خاك
ئێستانێکەش هەر تۆی گیانە
دڵ و ڕوح و هەست و سۆزم
بۆ ساتێکیش من ناتوانم
لە دووریتا ئارام بگرم
لە هەر کوێبم
وەك بروسکە دەبروسکێنم
بەرەو پیرۆزی مەنزلگات

١٠-٢-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# ووتەبێژ

ماوەیەکە
شیعرەکانم
منیان هەراسان کردووە
بێزاری و دڵتەنگی خۆمم
بەرامبەریان دەربڕیوە
خۆ ڕەنگنیە
کە من جارێ ژوانم هەبێ
لەگەڵ شۆخە نازدارەکەم
شیعرەکانم
خۆیان دەکەن
بە ووتەبێژی فەرمی من
لە پرێس کۆنفراسێکدا
هەرچی نهێنیەك هەبێ
بەجارێ ئاشکرای دەکەن

١٢-٢-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

## ئەی رەقیب

خۆ دەبینن چەند ناحەزین
چەند بەد بەخت و چارە ڕەشین
نە دووژمنمان دووژمنە و
نە دۆستیشمان لە دۆست دەچێت
خەباتی چەندین ساڵەمان
هێسك و پرۆسكی
شەهیدان و ئەنفالەكان
كیمیاباران
كوشتن, بڕین
ڕاگواستن و
تەعریب , تەبعیس
ڕووتی و برسی
ڕۆژانی شكست و نسكۆ
ڕوخان و خاپووركردنی

لادێکانمان

سووتانی بەری بێستانمان

بۆ ئایندەی ئەم وولاتە

ئەمڕۆ بوویتە مەرەکەبێ

لە نێو خامەی

ڕێزدار بێکەر و هاملتون

قەدەری ئێمە هەر وایە

هەروا بووە و

هەر واش دەبێ

لووتکەمان لە نشێو دەچێ

نشێویشمان لە هیچ نشێوێکیش  ناچێت

باوەڕ دەکەم

دار گوێزەکانی هەورەمان

لە بیابانی عەربستانمان دزیبێت

باوەڕ دەکەم
دار و بەردی چیایەکانمان
لی ژێر پیێ ی حوشترێکی
عەرەبێکی بەدوو بێت

باوەڕ دەکەم
گشت گاتاکانی ئاڤێستا
دەقێکی وەرگێردراوی
ئومر ل و قەیس بێت

باوەڕ دەکەم
چما بۆ چی باوەڕ نەکەم؟!!
ئێمە چ هەین؟!!
ئێمە وەکو سەگێکی هار
خوا بۆ ئەوەی دروست کردووین
هەموو کاتیێ
بەیەك بڕەوین

باوەڕ دەكەم
چما بۆ چی باوەڕ نەكەم
ئێمە چ هەین؟!!
نا..نا بەڕاست ئێمە چ هەین؟!!
سەروەری خاكی وولاَتمان
جۆكەرێكی ١٤٠ لە
لەسەر مێزێكی قوماردا

باوەڕ دەكەم
گومانم لەمەدا نیە
چۆن دەزانم خوا بەحەقە
واش دەزانم ئێمە چ نین
تەنیا ئەی رەقیبمان هەیە
بە گەلانمان بچووێنیٚ
وا خەریكین بەڕاست بە چەپ
بە ئەی ڕەقیببیش دەڕەوین

**خۆزگە ئێستا**

**خودا ڕوحی**

**مەسیحی دەکردە بەرما**

**خانی و حاجی**

**نالی و سالم**

**لەگەڵ ئەحمەد موختاری جاف**

**قازی و شێخ سەعیدی پیران**

**گشتیانم دەردەهێنا**

**لە نێو گۆڕیان**

**تاکو ئێوە بتاندیبا**

**چۆن نەفرەتیان دەکرد لێمان**

**٢١-٣-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور**

# بەهادارترین مرواری

گیانە دەڵێن
کە گوایە
بەهادارترین مرواری
لە قوڵای زەریادایە
تۆ پێم ناڵێت
ئەو خەڵکانە
بۆچی ناوی زەریای داماو
وا بەد دەکەن
دەتۆ وەرە سەیری من کە
جوانترین و
بەهادارترین مرواری
عشقی تۆیە
لە قوڵای ناخمدایە

٢٣-٣-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# خەندەی سحراوی

بە حەسرەتم جارێکی تر
تۆ ببینم
گرنگ نیە
هەر چۆن دەیڵێ ی
تەنها گەرەکمە گیانە
ئەو کاتەی کە پێت شاد دەبم
هەمان خەندەی سحراوی
لە نیگای جوانت ببینم

٢٥-٣-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# شاجوان

ڕێگەم بدە با من گیانە
نیشتیمانێکی سحراوی
پاك و بێ گەرد
لە نێو دڵم
بۆ تۆ بکەم بە تەختی شا
لە مرواری ئەشکەکانم
جوانترین تاج
بۆ شاجوانی شاجوانان
بۆ تۆی شاجوان
دروست بکەم

٢٨-٣-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# وەرزێكی دی

له هەر چوار وەرزی ساڵاندا
بەشی عشقم
بیابانی گەرمەسێره
درەختی تەمەنی لاویم
سیس و زەرده
بەشی ئەویش له دوا ساته
هەڵوەرینه
بۆیه ئێستا رقم له گشت وەرزەكانه
ئێ خوایه گیان
من بەندەی تۆم
چی روودەدا ئەگەر بێتوو
له ساڵنامەی ساڵی نوێ
وەرزێكی دی دروست بكەی
بۆ عشقه پاكەكه من و
شۆخه جوانكیلەكەی ئەوێ

٣٠-٣-٢٠٠٧ سیئۆل \ كۆریای باشوور

# ئازیزانم

ئازیزانم
گڕی دووری وا خەریکە
دەمسووتێنێ
لافاوی خەم و فیراق وا
دەمخنکێنێ
من مرۆڤم
دڵناسکم
منالێکی بەساڵا چووم
بێ هێز..
لەرزۆك..
بۆ کۆڕی یارانم دەگریم

★★★

شەوانە من بۆ خۆم دەگریم

لە نیوە شەو تا بەیانی

دەست لە قژی

ئەستێرەکانی ئاسمانی هەندەرانە

دادەهێنم

بەڵام ئەوان نامدوێنن

ئاشنا نینە

بەخەم..

بە ئیش..

بە دەرد و ژانی دڵی من

★★★

من دەزانم

تەمەنی هاوڕێیەتیمان

لە ئەزەلەوە درۆ بوو

گەر وا نیە

گەر ڕاست دەکەن

بۆچی شەوێ

لەم غوربەتە نایەن بەلام

لەگەل منا

پێکێك هەڵدەن

١٣\١٤-٤-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# قەرەج

(١)

من قەرەجم
قەرەجێکم
خۆ بارو بارگەشم نیە
لە کوێ بستە عاردێك هەبێ
لێ ی دەخەوم

(٢)

لێم مەڕوانە ..
نەکەی عاشق بی بە نیگای
شێتانەی من
من قەرەجم
ئەمڕۆ لێرەم
خوا ئەزانی سبەی لە کوێم

(٣)

ئەمشەو

ئەو ئەشکەوتە

لانەی منە

گاشە بەردەکەی بەر دەرگاش

سەرینمە

بەیانیش لەگەڵ کازیوە

ملی ڕێگای نادیار دەگرم

نەکەی داوای ئەدرێسم کەی

من قەرەجم

ئایدی کارتم

کۆڵ نەمبەرم

تەنیا ماچە

لە هەر کوێ داوام لێ بکەن

پێیان دەدەم

١٦\١٧-٤-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# نەفرەتی خوا

جارانی زوو
ئەو کاتانەی دڵ تەنگ دەبووم
بە فرمێسکی چاوەکانم
دەسنوێژی تەوبەم هەڵدەگرت
بەیانیان و ئێواران
کاتێ شەقام
باڵی بێ دەنگی ڕادەخست
سەری سوجدەم
بۆ خوا دەبرد
لە حزور و خزمەتی ئەو
کپ و بێ دەنگ ڕادەوەستام
هیوا و خۆزگەم
دوور بوونم بوو
لە عەزاب و غەزەبی ئەو
ئێستانەکەش

هەر ئەو تەنیا خوادی منە و

منیش بەندەی زەلیلی ئەو

بەڵام نوکە

من حەز دەکەم

لە عەزاب و غەزەبی ئەو

بەتایبەتی ئەو ساتانە

لێوم ئاوێتەی لێوانی

کچە شەنگ وجوانەکانی

کۆری دەبێ

پڕ بەڵی خۆم حەز دەکەم

نەفرەتی خوا بمکا بە بەرد

تاببینن

تابزانن

نەفرەتی خوداش رەحمەتە

٢٢-٤-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

## ئەستێرە

(١)

ئەی شاپەری خەیاڵی من
هەموو خەڵك
لەم دنیایە
دەزانن کە
من شاعیرێکی گەڕۆکم
ئەمشەو هاتووم
لەسەر گۆنا سوورەکانت
باروو بارگەی خۆم دابنێم

(٢)

من ڕێبوارم
بێ ڤیساو بێ پاسەپۆرتم
ڕێگەم بدەم
من مێوانتم
دەڵێم گەڕێ
تەنیا ئەمشەو بابببینم
لێوەکانم خۆ هەڵواسن
بە لێوانت

(٣)

من شاعیرێکی سەرشێتم
هەموو شەوێ
ڕاوی ئەستێرەکان دەکەم
ئەیان گرم لە باوەشم
تۆش ئەستێرەکی ئاسمانی
زۆر دەمێکە بە حەسرەتم
توند بتگرم لە باوەشم

(٤)

خۆت دوور بگرە لە هەناسەم
من دەترسم
من نامەوێت ووشك بێتن
شوێنی گشت ماچەکانی من
لە سەر لێوت

(٥)

بەیانیش کە خۆریش هەڵات
سەر هەڵمەگرە لە سەر سینەم
بنوو بێ دەنگ
نەفرەت دەکەین
لە سروە و گزنگی بەیان

(٦)

به درێژای تەمەنما
مانگم دیوه
له یەك شەوی تاكو چوارده
بەڵام هەرگیز من نەمدیووه
جوانی بێت به قەد
جوانی باڵات

(٧)

تۆ پێم دەڵێت
" شیعرەکانت لارو لەنگن "
چۆن لار نابێ!
چۆن لەنگ نابێ!
وا دەبینی بە چاوی خۆت
ووشەکانم سەما دەکەن
لە دەوراو پشتی ناوی تۆ

٤-٥-٢٠٠٧ دوورگەی جێجۆ

## بمشۆرەوە

بمشۆرەوە لە گوناحان
دڵم داوای بەخشین دەکا
لە لێدانا کرۭدەکەوێ
نەوەك هەراسانت بکا
شەونخونی بۆ تۆ دەکا
بە هەست و سۆز داتدەپۆشێ
وەك فریشتە بە بێ دەنگی
لە پێش چاوتا سەما دەکا
بە چاوانی پرۭ لە ئەشکا
داوای بەخشین لە تۆ دەکا
هەموو شەوێ لە خەڵوەتا
نوێژ بۆ تیشکی چاوت دەکات

**له نێوان دنیا و بەهەشتا**

**کاشان ئاسا**

**خۆی رائەخا له ژێر پێتا**

**لەگەڵ تۆدا هەنگاو دەنێ**

**تاکو بە بەهەشتی عشق**

**ئاشنات دەکا**

**٤-٦-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریایی باشوور**

# ڕاڕایی

بڕیارم بوو
ئەو هەوارە پڕ زوخاوە
بەجێبێڵم
کە ڕابردوو و داهاتووی من
لە خاچ دەدا
لە دۆزەخەکەی هەندەران
دوور لە دوودڵی و ڕاڕایی
بژیم, بمرم
وەکو ئینسان
ئەوا گیانە, من کۆچم کرد
لەو بەهەشتە سەوزە دەژیم
کە بە دۆزەخ ناویان دەبرد
بەڵام چی بکەم
فێریان کردوم
بێ خەم نەژیم

٢٦-١٠-٢٠٠٧   شەنگهای — چین

# نازەنینم

(١)

گیانە وەرە نێو باوەشم
پڕ بە دڵت..
پڕ بە دڵم..
باهەڵمژین هەناسەمان
سەگ تێبەردە
لە قسەی چاك وپیرانما
من ئەو بەهەشتەم بۆ چی یە
ڕێگر بێت لە بەردەم ژینمان

(٢)

نازەنینی من ڕەش پۆشە
چەندی دەکەم بۆم ناکرێ
خەندە بخەمە لێوانی
لە بەیانی تا ئێوارە
ڕادەوەستێ و سەرنج دەدا
لە کوشتنی دوعاکان و
داوێن پیسی خەلیفەکان

(٣)

نازەنینم تۆ مەترسە
لە باوەشم خۆت حەشاردە
سوێند بە سۆمای چاوەکانت
وەکو سۆمای چاوەکانم
دەتپارێزم
لە گەمبۆر و
لە ڕەوینی
بەچکە سەگانی قورەیش

٢٧-١٠-٢٠٠٧   شەنگهای — چین

# یۆهین

ئاسمان بێ تۆ
جوانی نیه
نەفرەت دەکا
لە هەیف و خۆر
دەریا بێ تۆ
بیابانی گەرمەسێرە
تووێنوویەتی
سکاڵای خۆی
بۆ بارەگای یەزدان دەبا
شەقام بێ تۆ
مەرگی درەختەکانی خۆی
دەدرگێنێ

یۆهین
ئەی کچۆلە جوانەکەی کۆریای باشوور
تۆش
بۆ من
وولاتێکی سەوز سەوزی
جوانی رووناکی گشت دنیا
لە باوەشی خۆتا دەگری

١-١١-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریایی باشوور

# تۆران

خۆشەویستم
من هەست دەکەم تۆ تۆراوی
پێم نالێیت بۆ چی تۆراوی؟!
بۆ تۆراوی؟
لێم مەتۆری توخوا گیانە
نەوەك خوداش لێم بتۆرێ

خۆشەویستم سەر هەڵبڕە
دەتۆ سەیری ئاسمان بکە
ڕۆندکی چاوانت بسرە
پڕ بە دەنگت ناوم بێنە
چرۆی سەوز بلکێنە
بە دڵی سیس و داماوم

من نەمزانی

بەس ئەمجارە لێم ببوورە

جارێکی تر

گەمە لەگەڵ عشق ناکەم

بەدڵ

بە گیان

دەتپەرستم

بەس ئەمجارە لێم مەتۆرێ

نەوەك خوداش لێم بتۆرێ

٢٥-١١-٢٠٠٧ ...

# سارانگهێیۆ

ئەم ئێوارە
حەزێکی هەرزەکارانە
لە ناخمایە
لە یادتە لە ستی هۆل[*]
لە ڕەخ ڕووباری چەنگ یۆنگ چەنگ
بانگت دەکردم جین سیۆنگ[†]
سارانگهێیۆ[‡]
لە دوای چەندین ڕاز و نیاز
لێوەکانت هەڵدەواسی
بە لێوانم
لەو ساتەوە

---

[*] سارانگهێیۆ واتە خۆشمدەوێت

[†] جین سیۆنك نازناوی کۆری من بوو لە لای هاوڕێیە کۆریەکانم

[‡] سارانگهێیۆ واتە خۆشمدەوێت

حەزێکی هەرزەکارانە
لە ناخمایە
هەر کاتی کە لێت دوور کەوم
ئۆقرە ناگرم, حەز دەکەم کە
لە ماوەی چاو تروکانێکە
بەگەم بە لات
لە باوەشی خۆم بتگرم

٢٨-١١-٢٠٠٧ سیئۆل \ کۆریای باشوور

# ڤالانتاين

عاشقانی وولاَته چاره ڕەشەکەم
لێم ببوورن کە ناتوانم
شیعرێکی جوان
بۆ ڤالانتاین بنووسم
من پەروەردەی مللەتێکی
من پەروەردەی ئاینێکی
من پەروەردەی حکومەتێکی
دوعا کوژم
دوعا کوژم
دوعا کوژم
بۆیە دەڵێم
لێم ببوورن کە ناتوانم
شیعرێکی جوان
بۆ ڤالانتاین بنووسم

١٤-٢-٢٠٠٨ هەولێر

# وولاتی ئەوینمان

خۆشەویستم
من و تۆ دوو عاشقی بۆ یەك سووتاوین
دوو عاشقین
مەست و سەرشێت
هەندێ جارا
لە دوور یەکا
فرمێسك لە چاوانماندا
دەبارێنین
هەندێ جاریش
سەرشێتانە
ماڵی عشق کاول دەکەین
چەشنی پەیمانی لۆزان و سایکس بیکو
وولاتی ئەوینی خۆمان
لەت لەت دەکەین

١٢-٥-٢٠٠٨ بەغدا

# من تێناگەم

من تێناگەم
هێندە دەما
سۆز و میهرت دیجلە ئاسا
لە کانیاوی عشقێکی پاك
هەڵدەقوڵێ
بە پێدەشتی خاکی باڵام تێدەپەڕی
وەرزی چرۆ و
قاسپەی کەو و
بۆنی ئێوارانی وولاتم بۆ دێنێ
هێندە دەماش
دەبێ بە ئیش
دەبێ بە ژان
گڕکان ئاسا گڕ بەردەدا
لە عشقی پاك

٢٨-١١-٢٠٠٨ نەجەف

# ناوەرۆك

ووتەیەك..................................................٥
نهێنی....................................................٦
نیگەران..................................................٨
مۆم......................................................٩
وەرزی سەوز...........................................١٠
خۆشەویستم...........................................١١
دوانامە.................................................١٣
دوریت بۆ چی؟!......................................٢١
دڵم هەر تۆی...........................................١٥
ووتەبێژ.................................................١٦
ئەی رەقیب.............................................١٧
بەهادارترین مرواری ...............................٢٢
خەندەی سحراوی....................................٢٣
شاجوان..................................................٢٤
وەرزێکی دی ..........................................٢٥
ئازیزانم ..................................................٢٦

قەرەج ............................................٢٩
نەفرەتی خوا.......................................٣١
ئەستێرە ..........................................٣٣
بمشۆرەوە.........................................٣٩
ڕاڕایی............................................٤١
نازەنینم..........................................٤٢
یۆهین.............................................٤٥
تۆران.............................................٤٧
سارانگهێیۆ.......................................٤٩
ڤالانتاین.........................................٥١
وولاّتی ئەوینمان.................................٥٢
من تێناگەم ......................................٥٣

## ئارام یاسین

- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردیە.
- هەڵگری بروانامەی بکالریوسە لە زانستی کۆمپیوتەر، کۆلێژی زانست، بەشی زانستی کۆمپیوتەر، زانکۆی دهۆك، ساڵی ٢٠٠٥.
- هەڵگری بروانامەی دبلۆمی باڵایە لە " Public Policy and Management " لە زانکۆی KDI لە وولاتی کۆریای باشوور، ساڵی ٢٠٠٧.
- لە ساڵی ١٩٩٩ وە شیعرەکانی لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان بلاودەکاتەوە.
- Email : aram_yaseen@yahoo.com

## بڵاوكراوەكانی شاعیر

١. ئەشكەكانم بوون بە گژلووك, شیعر, دهۆك ١٩٩٩ – ٢٠٠٤

٢. سەمفۆنیای مردن, چامە شیعر, دهۆك, ٢٠٠٤

٣. نەفرەت لەو ساتانە دەكەم, شیعر, هەولێر ٢٠٠٤ – ٢٠٠٦

٤. سارانگهێیۆ, شیعر, كۆریای باشوور ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧

٥. گەشتێك بۆ نیشتیمانی كۆری, كتاب , كۆریای باشوور , ٢٠٠٧

٦. شاعیرە ناودارەكانی كۆریا, كتاب ,كۆریای باشوور ٢٠٠٧

٧. لە پەنجەرەی ژوورەكەما, ٢٠٠٩